# گۆران قەرەداغی-یەکان و میدیای کوردی!

سیروان کاروانی

دەبووایە ڕاگەیاندنی کوردی و بەتایبەتی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ناوەوەی وڵات ئەمڕۆ لە خوارووی ئەم وڵاتەدا، لەبەر نەبوونی هێڵی تەماسی تەلەفۆن و وەکوو پێویست نەبوونی هاتوچۆی نێوان شارەکاندا، زۆر لەو ڕووداوانەی ڕۆژانە بەرەوڕووی مرۆڤی کورد دەبنەوە و ناگەنە خەڵکی، ئەمان گرنگیی پێ بدەن و بە چاوێکی یەکسانییەوە بە جەماوەری بگەیەنن. ئەمە لە کاتێکدا، هێندێک شت ڕوو دەدەن کە گرنگیی زیاتری دەوێ، هەروەک ئەو کەسانەی بەهەر جۆرێک بێ لە خزمەتی ڕاگەیاندنی کوردیدا بوونە. یەک هەفتە لەمەوپێش "گۆران قەرەداغی"ی شاعیر و نووسەری دانیشتووی سوێد کە بە یەگجاری گەڕابۆوە کوردستان بۆ ئەوەی لەژێر سێبەری ئازادیدا بژی، بە کارەساتێک کۆچی دوایی کرد. جێگای داخە کە هیچ کام لە ڕۆژنامەکانی لە کوردستان دەردەچن گرنگییەکی ئەوتۆیان پێ نەدا و بگرە زۆربەی هەرە زۆریان باسیشیان لێوە نەکرد. بیرتان نەچێ کەسانێک کە لە خزمەتی ئەدەبدا بوونە ئەرزشیان لەسەرتان هەیە.

ئەمە لە وەختێکدایە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، بودجە هەیە بۆ زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی لە کوردستان دەردەچن و پەیامنێریان لە شوێناندا هەیە و ((وەکوو ماڵپەڕە کوردییەکان هەموو خەرج و شەونخوونییەکیان بەتەنها لەسەر شانی هیچ کەسێک نییە)) .

من هەرگیز گۆران قەرەداغی-ی کۆچکردووم نەبینیوە و لە نزیکەوە نەمناسیوە، بەڵام داخێکی زۆر دەخۆم بۆ ئەو ڕۆڵە کوردە ڕۆشنبیرە کە لای ڕاگەیاندنی کوردی ناسراوە و کەم یا زۆر خاوەنی بەرهەمی ئەدەبییە و لە ڕۆژانێکی سەختدا خزمەتی بە دۆزی ڕەوای کورد کردووە، وا بە ئاسانی فەرامۆش بکرێ و لە ڕۆژنامەکاندا گۆشەیەکی بچووکی پێ ڕەوا نەبینرێ و، لە هەمان کاتیشدا دەمەوێ بڵێم کە هەر تەنها مەبەستم ئەم کارەساتە نییە بەڵکوو تێکرای ڕووداو و کەسەکانی لەو شێوەیەیە. بۆیە ئەمە دەڵێم، هێندێک جار شتی سەیرم لە ڕۆژنامەکاندا خوێندووەتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی گرنگی بە خەڵکی کوردەوە نەبووە، کەچی زۆربەی ڕۆژنامەکان لە شێوەی هەواڵێکی گرنگ بڵاویان کردۆتەوە.

ویژدانتان بێ، بڕوا ناکەم وێنەیەک و سێ چوار دێڕ لە بەسەرهاتی نووسەرێک، ڕۆژنامەنووسێک "بیناسن یان نەیناسن"، زیاتر لە چای مەحموو و دۆشاوی تەماتە و

برنجی سووری و ئازایانی عێراق و... هتد-تان لێ داگیر بکات. ئەگەر بۆ ئەو پڕوپاگەندانە چوار عانەتان بەرکەوێ، ئەوا نووسەران خوێن و شەونخوونی و چاوکزیی سەر دەفتەر و بەر کۆمپیوتەریان لە شوێن داوە.

سڵاو بۆ هەموو ئەو: کەس، ڕۆژنامە، هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن و لایەنانەی بەرانبەر بە مرۆڤەکان بەئەمەگی خۆیان پێشان دەدەن.

2004.12.01